کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:03 3-8-2007

## نە هاوین و نە زستان، نەکوێستان و نەگەرمیان، فریای دزیەکەی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو ناکەون... حەسەن قادر سەلیم*

ئەمجارەیان جاسوسێکی دیکەی یەکگرتوو، یەکێك لەوانەی لەگاگەلی نەفامەکان دواکەوتوون، بەناوێکی تری خوازراوەوە و زۆر ترسنۆك و کاڵفامانە هێرشێکی بێبنەما و پڕ لەحیقدی کردۆتە سەر وەزارەتی ئەوقاف و ڕاگەیاندنەکەی کە هەمیشە وتەبێژ و ئازابێژی وەزارەتی ئەوقاف بووە و بۆ ساڵانێك وەهابی و سەلەفیەکانی خزاندبووە ژورەتاریکەکانیان، (هاوین کوێستانی) لەم هاوینە گەرمەدا وەك جولەکە لەسەرمان لەرزیوە و بەو هیوایەی درزێك بخاتە ناو ماڵی وەزارەتی ئەوقاف و ئەو شانە هەنگەی بەردەوام خزمەت بە ئاینی ئیسلام و خەڵکی کوردستان دەکات، بیشێوێنێت، بەڵام هەیهات هەیهات، جارێکی دیکە ئەوانەی لەران بەجێماون ناتوانن پرۆسەی بەنەتەوەیی کردنی وەزارەتی ئەوقاف ڕاگرن، باشتروایە شرۆشیتاڵتان بپێچنەوە و بەرەو سعودیە و وڵاتانی کەنداو یان بۆ لای حزبەکەی ئەردۆگان یان بۆ لای بزوتنەوەی حەماس، وەزارەتی ئەوقاف نانی ئێوەنیە و برۆن بەدوای نێچیرێکی دیکەدا بگەڕێن، من دڵنیام ئەگەر ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف لێتان بێتە دەست، بەرگەی یەك دێڕ لەنووسینەکانی ناگرن، ئەم پارانەوە و هانابردنەشتان بۆ شێخی شاکەل، لەوەختی زایعدایە و سەردەمی سوودوەرگرتنتان لەشەری ناوخۆ بەسەرچوو، ڕاگەیاندنی وەزارەت هەر هەنگاوێك هەر نووسینێك بەبی، وەزیری ئەوقاف ناکات و نانێت، با مژدەی ئەوەشتان بدەمی کە من وەك کارمەندێکی وەزارەتی ئەوقاف ئاگام لەهەموو هەوڵە نەزۆکەکانتانە و شێخ محەمەد شاکەلی و ڕاگەیاندنی وەزارەت و سەرجەم بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف لەمەسەلەی دزینی ناوی حاجیانی کوردستاندا یەك دەنگن و ئێستا لێکۆڵینەوە دەکرێت تا بزانین کام جاسووس لەوەزارەتتدا لەگەڵ یەکگرتوودا بۆ کاری موخابەراتی کلکی گرێداوە، ئەوکاتە هەروەك میسریەکان دەڵێن (فەزیحەتکم بجلاجل)، هەرچی بکەن، هەرچی بنووسن تازە ناتوانن، دزیەکەتان بشارنەوە، ناتوانن میسداقیەتە لەکیسچووەکەتان بگێڕنەوە، نەسیحەتیشتان دەکەم کە چیتر قسەمان پێمەکەن باقسە نەکەین، ئەگینا کۆنگرەکەی قاهیرەتان وەبیردێنینەوە کە هێشتا مەرەکەبی ئیمزاکەی وشك نەبۆتەوە.

*کارمەندێکی وەزارەتی ئەوقاف

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.